# جەژنە پیرۆزە      ئەحمەد دەشتی

جەژنە هات و دیسـان خەمە دایگرتمەوە
یـادی یـاران ژین و دڵی وا بـردمەوە
لەوەتی هـەم رەنج و گریەو ئـازارو خەم
دەمتوێنتەوە کەجەژنەدێ دەبم بە شـەم
جەژنە دەگرن گشـت ئەوانەی دڵ ئازادن
خاک سـەربەخۆن لە وەڵاتیان پڕمرادن
منی کـوردی دوورو نامۆ و بێ مافی ژین
کە جەژنە دێ دڵ و چـاوم پڕە لە گرین
منی دووری کوردسـتان و ڕزگاری بوون
جەژنەم نیە تا وەدی نێ سـەربەخۆ بوون
نەژەژنەم هەز نەسەیران و نە دڵی شادی
نە پیـرۆزە لەمنی بێ ژین و ئـازادی
کە جەژنە دێ یادی شـەهیدان دێتەوە
یادی سـەدان شێخ یەزدینم بیر دێتەوە
بۆیە هەرگیز جەژنە ناگـرم لەم ڕۆژگارە
تا نەبینم سـەر بەخۆمە و ئاڵام دیـارە
کە ڕزگارو سـەربە خۆبوو کوردسـتانم
دەگرم جەژنەم بۆرزگاری نیشـتمانم
منیش شارو هەموو گوندو شوێن و جێگام
پڕگوڵ دەکەم هەمووەدەشت وچیاوو ڕێگام
بەمۆسیقاو سرودی بژی کوردسـتانم
جەژنە دەگرم پیرۆز دەڵێم لە دۆسـتانم

*